# کۆمپیوتەرێکی بچووک بەڵام بەهێز



هەمیشە کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن ئامێرەکان بچووک و بچووکتر بکەنەوە، ئێستا سەردەمی کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان نەماوە، ئەو کۆمپیوتەرانەی کە کاتێك دادەگیرسان دەنگێکی زۆر و توانایەکی کەمیان هەبوو، ئێستا گشت ئامێرەکان بەرەو بچووك بوونەوە رۆیشتوون.
نوێترین کۆمپیوتەری بچووك کە لەم دواییە لەلایەن asusەوە بەرهەم هاتووە کۆمپیوتەری جۆری Asus ProARt PA90ە. راستە کۆمپیوتەرەکە بە قەوارە بچووکە بەڵام سیستەمێکی زۆر بەهێزی لەگەڵدایە. پرۆسیسەرەکەی لە نەوەی نۆیەمی ئەنتەلە. سێ درایڤی داتا هەڵگرتنی تێدایە دوویان توانای هەڵگرتنی ٥١٢ گیگابایت داتای هەیەو یەکیشیان لە جۆری هارددیسکە کە توانای هەڵگرتنی یەك ترابایت داتای هەیە. دەنگێکی یەکجار کەمی هەیە. سیستەمی فێنك کەرەوەی بە جۆرێك دروستکراوە کە ئەگەر گەرما بگاتە ٨٠ پلە سانتی گرادیش، قەپاغەکەی سەری هەڵدەگیردرێت و هەوای نوێ فێنك رادەکێشێ.



# هیدفۆنێک ئەرکی وەرگێڕ

«لیلی تیزێن» لە بواری داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا کار دەکات، دایك و باوکی ناوبراو بە گەشتێك چوون بۆ ناوچەی ئالپ، بەڵام چونکە تەنیا یەك زمانیان دەزانی کێشەیەکی زۆریان بۆ پەیدا بوو، هەرچەندە «تیزێن» چەند پرۆگرامێکی تایبەت بە وەرگێڕانی لەسەر مۆبایلەکانیان دابەزاندبوو، بەڵام سوودی نەبوو. هەربۆیە «تیزێن» بڕیاریدا هیدفۆنێك بەرهەم بێنێ کە هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنەرکەی دابێ و پێویستیش نەکات بە دوو جار وەرگێڕان بکات

# کامێرایەکی چاودێری وایەرلەیس

کامێرای چاودێری لە جۆری Kasa Security Camera بەرهەمی کۆمپانیای TP-link، ئەم کامێرایە بۆ گواستنەوەی فیلمەکان پێویستی بە کێبڵ نییە و لە رێگای وای-فایەوە فیلم دەگوازێتەوە، باتریی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە کە شەحن دەبێتەوە و لەکاتی برانی کارەباش کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ نایەتە پێش. کوالیتی کامێراکە ١٠٨٠پیکسلە واتە full HD یە. هەر بەو کوالیتەش وێنەکان بۆ سەر مۆبایلی ئایفۆن یا ئەندرۆید دەگوازێتەوە. هابێکی تابەتیش بۆ کامێراکە دانراوە کە باترییەکەی شەحن دەکاتەوە و بەهێزی دەکات. کامێرای ناوبراو لەکاتە هەستیارەکاندا زەنگی مەترسی لێدەدات و دەنگی دەوروبەر تۆمار دەکات. ئەو فیلمانەی کامێراکە دەیگرێت دەکرێت هەر لە ئینتەرنێتدا تۆمار بکرێن، شوێنیکی تایبەتی هەیە لە ئینتەرنێتدا بۆ هەڵگرتنی ڤیدیۆ تۆمارکراوەکان، تا دوو رۆژ دەکرێت فیلم و وێنەکان لە شوێنی تایبەتی خۆی لە ئینتەرنێتدا ئەرشیف بکرێن، بەڵام ئەگەر پێویستی کرد کاتەکە زیاتر بکەی ئەوە تێچووی خۆی دەوێت و بە خۆڕایی نییە.



# ئامێرێک خواردنی دەرمان بیر نەخۆشان دێنێتەوە



ئەوانەی نەخۆشن بەتایبەتی بەساڵاچووان، لەبیریان دەچێت چ کاتێك حەب و دەرمانەکانیان بخۆن، ئەمەش مەترسی بۆ سەر تەندروستیان دروست دەکات. هەربۆیە داهێنەرێك بەناوی (ئامانۆیل مۆسینی) ئامێرێکی بەم مەبەستە داهێناوە.

باوکی (ئامانویل) بەهۆی ئەوەی لەکاتی خۆیدا دەرمانەکانی نەخواردبوو، جەڵتە لێیدا و مرد، ئەم رووداوە وای لە (ئامانویل) کرد بیر لە داهێنانێك بکاتەوە، بۆیە ئامێری spillo healthی داهێنا.

ئەم ئامێرە لە پێشدا پرۆگرامی دەدرێتێ کە چ کەسێك لە چ کاتێکدا دەبێت حەبەکانی بخوات، بۆیە لەکاتی خۆیدا جەرەس لێدەدا و ئەگەر نەخۆشەکە گوێی پێنەدا کەسانی نزیکی ئاگادار دەکاتەوە. دەرمانەکان هەر لە خودی ئامێرەکەدا رادەگیردرێن. جگە لەو ئەرکە دەکرێت لەو ئامێرە پرسیاری پزیشکیش بپرسی و هەروەها دەکرێت بپرسی کاریگەری ئەو حەب و دەرمانانەی ئێستا بەکاری دێنێ چۆنە..



## ـێڕان ئەنجام دەدات

وەك زۆربەی ئاپی مۆبایلەکان، لەسەرەتادا دەبێ رستەکەت بۆ زمانی مەبەست دیاری بکەی و پاشان بەرامبەرەکەت دەبێ گوێی لێبگرێ و پاشان وەڵام بداتەوە.. بەڵام هیدفۆنەکانی «تیزێن» کە بە WT2 Plus ناسراون، راستەوخۆ زمانەکە دەگوازێتەوە، ئەگەر هەردوولایەن ئەم هیدفۆنەیان لەگوێ دابێ کارەکە زۆر ئاسان دەبێت، وەك ئەوە وایە دوو کەس پێکەوە بەبێ گرفت قسە بکەن، هیدفۆنەکە بۆ ٣٦ زمان کاری وەرگێڕان دەکات.

## ئۆتۆمبیلی کۆن و تەکنەلۆژی نوێ

ئامێری Link Drive گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئۆتۆمبیلە سیستەم کۆنەکان، چونکە ئۆتۆمبیلە نوێی و گرانباییەکان خۆیان ئەو سیستەمەیان تێدا هەیە، ئامێری ئاماژە بۆ کراو ئەرکی ئەوەیە کە ئەرکەکانی وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان، کەش و هەوا و چۆنییەتی رێگاوبانەکان بە دەنگ بە شۆفێرەکە رادەگەیەنێ..

کارکردن بەو ئامێرە زۆر ئاسانە، ئامێرەکە لە شوێنی چەرخی جگەرە دەخرێت، دواتر لەگەڵ بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایلەکەت جا چ سیستەمی ئەندرۆید بێت یان ios پەیوەند دەدرێت، دواتر دەستەواژەی «hey google» دەڵێیت، بە دەربرینی ئەم دەستەواژەیە، یارمەتیدەری دەنگی گوگڵ واتە google assistant بۆ گشت ئەرکەکان یارمەتیت دەدات، مایکەکانی ئامێرەکە ژاوەژاو و دەنگەدەنگی رێگاوبان ناهێڵێت، شۆفێر دەتوانێت بە دەنگی خۆی بە ئامێرەکە بڵێت، ئەم رێگایەی پێیدادەڕۆین قەرەباڵغە، چ رێگایەك بۆ گەیشتن بە مەبەست گونجاوە، یان کەش و هەوا چۆنە، دەکرێت هەواڵەکانی رۆژت پێ رابگەیەنێ، یان کەناڵەکانی رادیۆی بگۆڕێت، لەکاتی هاتنی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێت دەڵێت چ ژمارەیەك یا چ کەسێك پەیوەندیت پێوە دەکات، بە دەنگی پێی دەڵێی وەڵام بداتەوە یان دایبخات...





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت چۆن دەکرێت ئەو وێنە و فایلانەی کە لەسەر مۆبایلەکەم فڕێ دراون بیانگەڕێنەمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکانی سەر مۆبایلەکەت بە زۆری فایلی وێنە و ڤیدیۆیی و دەنگن، دەکرێت بە ئەپلکەیشنی تایبەت بیانگەڕێنیەوە، لەو نێوەدا ئەپلکەیشنی DiskDigger لە ریزی ئاپە سەرکەوتووەکان دێت. تایبەتمەندییەکانی ئاپەکە گەلێکن، بۆ نموونە دەتوانی تەنیا یەك جۆر فایل بگەڕێینەوە، وەك وێنەکان، یا ڤیدیۆکان.. جیاوازی ئەو پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامەکانی دیکە لەوەدایە کە پرۆگرامی سڕاوە تەنانەت لەسەر سیستەمیش دەگەڕێنێتەوە، زۆربەی پرۆگرامەکان تەنیا لەسەر میمۆری فایلەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام ئەو پرۆگرامە سەر سیستەمیش فایلەکان دەگەڕێنێتەوە.

ئەگەر مۆبایلەکەت فۆرماتیش کردبێتەوە، دیسان فایلە سڕاوەکان دەگەڕێنێتەوە. پرۆگرامەکە بۆ ئەو کاتە باشە کە بەبێ ویستی خۆت مۆبایل فۆرمات دەکەی و پاشان هەست پێدەکەی کە فایلی گرنگت لەدەست داوە..



# کۆنترۆڵێکی تایبەت بۆ کۆداکۆپتەرەکان

کۆداکۆپتەرەکان، واتە فڕۆکە بچووکەکانی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە ئەرکی فیلم هەڵگرتنیان بۆ کاروباری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی ئاسان کردووە، بەڵام گرفتێك بۆ بەکارهێنەرەکەی هەیە ئەویش کاتێك تیشکی خۆر زۆر دەبێت بەکارهێنەر ناتوانێت وەك پێویست کۆنترۆڵی فڕۆکەکە بکات چونکە تیشکەکان ئیزن نادەن فڕۆکەکە لە ئاسماندا بەو جۆرەی پێویستە ببیندرێ، ناچار بەکارهێنەر دەبێت لە چاویلکە سوود وەربگرێت، ئەگەر ئەمەش بکات ناتوانێت وەك پێویست لە سەر مۆبایلەکە کۆنترۆڵی بکات. کۆمپانیای DJI کۆنترۆڵی جۆری mavic2ی بەرهەم هێناوە کە خۆی شاشەیەکی تایبەتی هەیە و بەکارهێنەر پێویست ناکات چاو لە فڕۆکەکە بکات، بەڵکو دەکرێت لە شاشەی کۆنترۆڵەکەوە فڕۆکەکە ببینێت.

ریمۆت کۆنترۆڵەکە بە جۆری DJI Smart Controller ناسراوە، لە سیستەمی ئەندرۆیدی سوود وەردەگرێت. شاشەکەی ٥,٥ ئینجە و بەقەد شاشەی مۆبایلێك دەبێت، بۆ هەموو جۆرە کەش هەوایەك دەبێت، واتە لە پلەی گەرمی و ساردیدا دەکرێت سوودی لێببیندرێت، سیستەمی بلوتوس و وای-فای هەیە، میمۆری کۆنترۆڵەکە ١٦ گیگابایتە و دەکرێت کارت میمۆریشی بۆ دابندرێ.

# رۆبۆتێک وەک چ

لە پیشانگای CES2019دا رۆبۆتەکان پانتاییەکی زۆریان لە پی شانگاکە داگرتبوو، لە رۆبۆتی منداڵان و بەساڵاچووانەوە بگرە هەتا رۆبۆت بۆ ئەرك و کاری دژوار. کۆمپانیای misty robotics رۆبۆتی جۆری Misty II خستەڕوو، ئەمە هەمان رۆبۆتی پارساڵ بوو بەڵام بە هەندێك دەستکاری و ئەرکی زیاترەوە.. رۆبۆتەکە زیاتر تایبەتە بۆ ئەرکی چاودێری و ئەمنییەت، دەکرێ وەك پاسەوانێك یان وەك سەگێکی چاودێری ماڵەوە ئەرکەکانی ئەنجام بدات. جیاوازییەکی بەرچاو لەگەڵ رۆبۆتی پێش خۆی ئەوە بوو کە ئەم رۆبۆتە دەکرێت پرۆگرامی بۆ دابندرێتەوە و ئەرکی زیاتر یان گۆڕانکاری لە ئەرکەکانیدا بێت، خوێندکاران و شارەزایانی ئەم بوارە دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

رۆبۆتەکە دوو سیستەمی ویندۆز و ئەندرۆید دەخوێنێتەوە، کامێرایەکی k4ی لەسەرە، لە رێگای وای-فایەوە لەگەڵ مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە



## زەنگی هۆشمەندی دەرگا



لەگەڵ ئەوەی دا تەكنەلۆژیا گەیشتۆتە لوتكە، بەڵام هێشتاش لە وڵاتی ئێمەدا هەر بەدەست لە دەرگا دەدرێ بۆ كردنەوەی دەرگا، ئەو ماڵانەی جەرەسی دەرگاشیان هەیە تەنیا زەنگی دەرگای سەردەمی كۆنە، پلاكێك و جەرەسێك و هیچی دیكە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مۆبایل هەوڵ دەدەین نوێترین مۆبایلەكانی جیهان بەكاربێنین.

ئێستا سەردەمی جەرەسی دەرگای ئەلكترۆنیش نەماوە، دەبێت جەرەسی دەرگا سمارت و هۆشمەند بێت، لەم ماوەیەدا كۆمپانیای TP-link لە پیشانگای cesدا نوێترین زەنگی دەرگای هۆشمەندی خستەڕوو..

زەنگی دەرگای هۆشمەند كە كۆمپانیای ناوبراوی خستیەڕوو بە جەرەسی جۆری Kasa Smart Doorbel ناسراوە. كوالیتی نیشاندان و فیلم هەڵگرتنەوە k2یە. لە تەكنەلۆژیای HDR و تیشكی سەرووی سوور سوود وەردەگرێ تا لەو ساتانەی كە تاریكیشە یان رووناكییەكی زۆر هەیە، وێنەی پشت دەرگا بەباشی نیشان بدا. زەنگی دەرگای ناوبراو روخساری ئەندامەكانی ماڵەوە دەناسێتەوە، هەروەها مایك و سپیكەریی تایبەتیشی لەگەڵدایە. فیلمی ئەوانەی كە لە دەرگایان دایاوە هەتا دوو رۆژ لەخۆیدا رادەگرێ، بەڵام دەكرێت بە هاوبەش بوون لە خزمەتگوزاری kasa care رۆژەكان زیاتر بكەی.

## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی فیلمەكانی یوتیوب و سایتەكانی دی

هەموو لایەكمان دەزانین گەورەترین ماڵپەڕی تایبەت بە ڤیدیۆ و كورتە فیلم، ماڵپەڕی یوتیوبە، هەتا ئەو دواییانەش بۆ دابەزاندنی فیلمێك لە یوتیوب دوگمەیەك یا فەرمانێكی تایبەت لە خودی ماڵپەڕەكەدا نییە، بەڵكو لە رێگای شێوازی تایبەت یا ماڵپەڕی تایبەتەوە دەكرێ فیلمەكان دابەزێنی..

یەكێك لە ماڵپەڕە گرنگەكانی تایبەت بەدابەزاندنی فیلم لە یوتیوب و سایتەكانی دیكە ماڵپەڕی clipconverter.. cc/ە، لەم ماڵپەڕەدا بە ئاسانی هەر فیلمێك مەبەستت بێ چ لە یوتیوب یا سایتی دیكە دابەزینی، سەرەتا فیلمەكە بكەوە و ئەدرەسی فیلمەكە كۆپی بكە دواتر ماڵپەڕی clipconverter.. cc/ بكەوە و لە بۆكسێكدا ئەدرەسەكە كۆپی بكە و ئەوكات بە ئاسانی دەتوانی فیلمەكە دابەزێنی چونكە لینكی دابەزینت دەداتێ.. تایبەتمەندییەكی دیكە ماڵپەڕەكە ئەوەیە دەتوانی ئەو فیلمەی مەبەستە بە هەر فۆرماتێك كە حەزی لێبكەی دایبەزینی..



## چاودێری ماڵەوە

پەیوەند دەدرێت، سیستەمی ناساندنی روخسار و دوو سپیكەر و كۆمەڵە هەستەوەرێكی بۆ نەخشەهەڵگرتن لە دەوروبەری خۆی هەیە، جگەلەوەش باسكی تایبەتی هەیە بۆ هەڵگرتنی هەندێك كەلوپەل، دەكرێ رۆبۆتەكە ببێتە هاودەمی منداڵی بچووكی ماڵەوە یان یاری لەگەڵ سەگی ماڵەوەدا بكات، لیستی خۆراكی پێویستی رۆژانە ئامادە دەكات.